فراکسیۆنی تورکمانی: ڕووداوەکانی کەرکووک بە ڕێککەوتنی لایەنە پێوەندیدارەکان کۆتایی هات

ئەمڕۆ چوارشەممە، سەرۆکی فراکسیۆنی تورکمانی، ئەرشەد ساڵحی، کۆتاییهاتنی ئەو ڕووداوە ئەمنییانەی ڕاگەیاند کە لەماوەی ڕابردوودا لە پارێزگای کەرکوک لە نێوان هێزەکانی سوپا و جووتیارانی یەکێک لە گوندەکانی سەر بە پارێزگاکەدا ڕوویدا.

ساڵحی بە ئاژانسی (موتەع)ی ڕاگەیاند، "لایەنە بەشداربووەکانی ڕووداوەکانی کەرکوک گەیشتنە ڕێککەوتن و قەیرانەکە کۆتایی هات".

ئاماژەی بەوەشکردووە، "فراکسیۆنەکەی بەهێی هەستیاری بابەتەکەوە دەستوەردانی لەو ڕووداوانەدا نەکردووە".